# بونیادی(ڕووالّهتهكانی جوانی) له شیعری هاوچهرخی كوردیدا شیعری(كۆچی كوردان) بهنموونه

م.ی.رزگار اسماعيل كريم[2]

م.ی.امينه ياسين محمد[1]

بەشی پاراستنی ڕووەك-پەیمانگەی تەكنیكی خەبات-زانكۆی پۆلیتەنیكی هەولێر

بەشی زمانی كوردی-كۆلێژی زمان-زانكۆی سەلاحەددین

## پێشەكی

### ١-. : ناونیشانی توێژینەوەكە و بوارەكەی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بونیادی ڕووالّهتەكانی جوانی لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا (كۆچی كوردان) بەنموونە)یە، سنووری باسەكەش تایبەتكراوە بە شیعری ناوبراو، بونیادی جوانی ئەم ڕوالّهتانە، لەڕووی( فـۆرم ، زمان ، وێنە ، كێش) مانایەكی قووڵتر و فراوانتر بە شیعر دەبەخشێ،خوێنەر بەخۆیەوە پەیوەستدەكات، بۆنموونە: (ئەگەر شیعرێك زمانێكی ئەدەبی خاوێن و پەتی هەبێت، دەبێتە هۆی زیندووكردنەوەی خەرمانێك لە وشەو زاراوەی ڕەسەنی كوردی، لەسەردەمی هاوچەرخی)شدا، ئەمەش سەرنج راكێشی و چێژ و تاسەو زەوق لای خوێنەر دروستدەكات، جا ئەگەر دەقێك لە هەموو ئەم ڕووانەوە جوان بێ، دەبێ چ كاریگەریكی ئەدەبی لە سەر خوێنەردروستبكات؟.

### ٢-. :كەرەستەكانی توێژینەوەكە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە چەندین سەرچاوەی تایبەت بەم بوارە وەرگرووە، پاشان شیعر (كۆچی كوردان)ی شاعیرمان كردۆتە كەرەستەی سەرەكی توێژینەوەكەمان.

### ٣-. : پێكهاتەی توێژینەوەكە:

لە تەوەرەی یەكەمدا بەگشتی لەڕووی پێناسەو زاراوەی جوانی وجوانی دەقی ئەدەبی و وگرنگی وپێویستی بوونی جوانی لە دەقی ئەدەبی كوردیدا بە گشتی شیعر بە تایبەتی خراوەتە روو.
هەروەها لەتەوەرەی دووەمدا بنەمای جوانی بەگشتی و لە (شیعری) (كۆچی كوردان) ی (شاعیر) بەتایبەتی و ڕووالّهتەكانی جوانی لە لایەنی (فـۆرم،زمان ،كێش ،سەروا ،وێنە) خراوەتەروو و هەوڵمانداوە بزانین بە چ شێوەیەك پەیامی شعرەكەی گەیاندووە؟ چونكە،ئەگەر (شیعری كوردی) ئەمانەی تیا نەبێ، ئەوا لە قالبی شیعر

دەردەچێ، ئەو سنوورەی شیعر دەبەزێنێ وئەو بەهایەی  کە هەیەتی لە دەستدەدات، هەروەها توێژینەوەکە بەخستنەرووی ئەنجام وگرینگترین سەرچاوەکان وپوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی پێهاتووە.

### تەوەرەی یەکەم

#### ١-١: پێناسەی وشەی جوانی :

جوانی: هەرشتێ چێژ (خۆشی،جوانی) بە هەستەکانی مرۆڤ بگەیێنێ ،جا بەهۆی (گوێ گرتن ،بینین) بێ و سەرنجت رابکێشی و حەزبکەی سەیری بکەی و دڵخۆش بی، بۆ نموونە: (گەر دڵتەنگ بووی سەیری گوڵێکی جوانت کرد) ئەو گوڵە بەهۆی ئەو جوانییەی هەیەتی سەرنجت رادەکێشێ، کە سەیری بکەی تەنانەت زۆر جار حەزدەکەی گوڵەکە لێ بکەیەوە بەردەوام لات بێ هەر چەندە جوانیەکە کاتییە، بەڵام بابەتی ئێمە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو گوڵە بەو هەموو جوانییەی سەرنجی (مرۆڤ–ئادەمیزاد) بۆ خۆی رادەکیشێ و وادەکات ئازار و خەمەکانت لە بیر بچێتەوە و چێژ لە جوانییەکەی دەبینی، هەر حەزدەکەی سەیری بکەی بچێیە ناو دونیایی گولەکەوە ...هتد .

((وەکو وشە جوانی سیفەتی هەرشتێکی مادییە، کە چێژێك بە چاو دەبەخشێ ودەروون ئارام دەکاتەوە وەچاو حەز دەکات بەردەوام تەماشای بکات))(مستەفا،٢٠١٧، ٢٣)، بەڵێ جوانی هەموو ئەمانە ئەنجامدەدات، بەگشتی لە ژیانی رۆژانەماندا سەدان نموونەی لەم جۆرە ڕۆژانە رووبەرووی ژیانمان دەبێتەوە، کەواتە: لەبارەی شتی جوان لە ژیانی رۆژانەماندا نموونەی زۆرمان هەیە، واتە: هەرشتێ بەهۆی جوانیەکەیەوە سەرنجمان رابکێشێ و چێژ بگەیێنێ و دەروونمان ئارام بکاتەوەو...هتد. ئەمە پێیدەلێن: جوان.

#### ١-٢:پێناسەی زاراوەی جوانی :

جوانی وەکو زاراوە پێکهاتووە لە ووشەی(جوان)، کە ئاوەڵناوە و لەگەڵ پاشگری (ی) تەواوکەرییەتی، واتە: لە (جوان+ی) زاراوەی (جوانی) پێکەیناوە، کە بۆتە سیفەتیکی گشتی لە ژیانی رۆژانەماندا بۆ زۆربەی شتی جوان بەکاریدەهێنین، کە ئەو شتانە چێژ بە هەستکانمان و دەروونمان دەبەخشێ و بۆ دەقی ئەدەبیش (بونیادی جوانی) یەکێکە لە بنەمای سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی لەسەر بونیاددەندرێ، لە ئەنجامدا بەرهەمی (باش، یان خراپ و خۆش وناخۆش ....هتد)، کە لەسەر ئەم بنەمایە سەرەکیە و هەندێ بنەمای تری لاوەکی دەوەستێ، بەڵام لە ڕووی زاراوەوە((بیرۆکەی جوانی بەستراوە بە بیری جوان  و سەرنج راکێشن سەرچاوە دەکرێ ئەوەش لەسەر لایەنی رۆشنبیری دادەمەزرێ))( الشهرزوری،٢٠١٠،١٧) .

جوانی لەبیری جوان وسەرنج راکێش سەرچاوە دەگرێ، ئەوەش لایەنی رۆشنبیری کاریگەریی بەهێزی لەسەری هەیە، واتە: ئەگەر کەسێك لایەنی رۆشنبیریی بەهێز بێ، لە هەر لایەنێك لە لایەنەکان، وەك:

(کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی، فەلسەفی، هونەری، مێژوویی ...هتد) ، کە ئەم کەسە ئەگەر لە هەریەك لەم لایەنەن ئاماژەم پێکرد کاربکات و پرۆسە و پرۆژە و لێکۆڵینەوە...هتد ئەنجامبدات، ئەوا ئەنجامی باش بەدەستدەهێنی، چونکە لایەنی رۆشنبیری هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی جوان و سەرنج راکێش لە کارەکەیدا بنیادبنێ.

### ١-٣: جوانیی دەقی ئەدەبی کوردی :

ئێمە پێشتر باسی جوانی بەگشتی و زاراوەی جوانیمان کرد ،لێرەوە هەوڵدەدەین بزانین جوانی دەقی ئەدەبی لە کوێ سەرچاوەدەگرێ، بەر لەهەموو شتێك دەمانەوێت بزانین دەقی ئەدەبی کوردی کامە دەقی ئەدەبییە، ئەی مەبەست لە دەقی ئەدەبی کوردی چییە؟(ئیدریس عەبدوڵڵا)لەوڵامدا دەڵێت: مەبەست لەدەقی ئەدەبی کوردی: ((ئەو دەقە ئەدەبیانەن ، کە شاعیر و ئەدیبانی کورد بەرهەمیان هێناوە، هەروەها هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبیش دەگرێتەوە، کە بە زمانی کوردی بنووسرێ ، با خاوەنەکەشی کوردنەبێت)) (مستەفا:2017: ١٢)، کەواتە: ئەمە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، مەبەست لە دەقی ئەدەبی کوردی ئەودەقانەن، کە بەزمانی کوردی نووسراون، مەرجیش نییە خاوەنەکەی کورد بێت، جا شیعر، یان ڕۆمان، یان پەخشان، یان هی تر بێت.

بابێینە سەر کرۆکی باسەکەمان کە ئەویش جوانی دەقی ئەدەبی کوردی لە کوێ سەرچاوەدەگرێت: جوانی دەقی ئەدەبی کوردی یەکێکە لە جەمسەرەکانی دەقی ئەدەبی، واتە: لەسەرێکەوە دەقی ئەدەبی لە جوانی پێکهاتووە، هەروەها بە بنەمایەکی سەرەکی دەقی ئەدەبی کوردی دادەندرێت، واتە: لایەنێکی گرنگی دەق لەسەر جوانی دادەمەزرێ"((کەوابێ: دەقی ئەدەبی کوردیش دەبێ، جوان بێ. بەتایبەت لە رێگەی هەستی بیستن و لەرێگەی هەستی بینین)) (مستەفا،٢٠١٧،٢٥)، دەقی ئەدەبی کوردیش دەبێ جوان بێ، واتە: هەست و سۆز و خۆشی و ئارامی بۆ دەروونمان بەێنی، ئەویش بیستن و هەستی بینینە، واتە: کاتێ دێتە بەر گوێمان (کێش و سەروا و ئاوازێکی خۆش...هتد) ،چێژی لێ ببینین و لە رێگەی هەستی بیستن و دیمەن و وێنەیەکی جوان لە خەیاڵماندا بۆ دروستکات و پەیامی دەقەکە بگەیەنێ، چونکە ئەگەر ئەمانەی تیادا نەبوو، ئەوا لە قالبی (فۆرمی) دەقی ئەدەبی دەچێتە دەرەوە، دەبێتە قسەی خەڵکی وسەرزاری وئاسایی.

### ١-٤: گرنگی و پێویستی بوونی جوانی لە دەقی ئەدەبی کوردیدا بەگشتی وشیعر بەتایبەتی:

گرنگی بوونی جوانی لە ناو دەقی ئەدەبی کوردیدا، سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە بە پێویستم زانی بەتەوەریەك لێکۆڵینەوەکە باسی بکەم، جوانی گرنگی و کاریگەریی خۆی هەیە لە دەقی ئەدەبی کوردی بەگشتی و بەتایبەتی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چونکە ئەگەر شیعر لەڕووی (فۆرم درووخسار، زمان، کێش، سەروا، وێنە) جوان

نەبێ، ئەوا لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی دەچێتە دەرەوە و ئەو بەهایەی هەیەتی لە دەستیدەدات، دەبێتە قسەی ئاسایی و رۆژانەو سادەی خەڵکی و گرنگی وچێژ و تایبەتی نامێنێ.

گرنگی و پێویستیەتی بوونی جوانی لە دەقی ئەدەبی دا لە مانەی خوارەوە کۆ دەبێتەوە :

(( ١-ئەگەر دەق هەندەسەیەکی دەنگی خۆشی و جوانییەکی وێنەیی، یان وشەیی، یان ئاوازی جوان و بەجۆش نەبوو، ئەوا زەوق دەکوژێ و بەوە خەڵك لە ئەدەبەکە دووردەکەوێتەوە، بەوەش پەیامی ئەدەبی دەفەوتێ ئەوەی چاوەڕوانی لێ دەکرا پێی وەدی نابێ.

٢-ئەگەر دەق جوان نەبێ ئەوا دەبێتە قسەی ئاسایی و قسەی ئاسایش بەشداری گەورەی نابێ لەبەرەوپێشبردنی ژیان ودواکەوتن بەرهەم دێنێ و وادەکات خەڵك بەدوای بەرهەمی بێگانە بگەڕێن،بەوەش پەرتەوازەیی بەرهەم دێت و یەکیەتی نەتەوەیی زیانی پێ دەگات )) (مستەفا،٢٠١٧،٤٠).

ئەگەر دەق بە گشتی و شیعری هاوچەرخی کوردی بەتایبەتی لە ڕووی ئاوازو نووسین ودەنگ و وشە وپەیام کاریگەرو بەچێژ نەبوو و کاری تێمان نەکرد ،ئەوا تام و چێژ و خۆشی لەناو دەبات ئەوەش وا دەکات خەڵك بە دوای سەرچاوەیەکی تر لە دەقی ئەدەبی کوردی بەگشتی وشیعری هاوچەرخی کوردی بەتایبەتی بگەڕێ، ئەوەش وا دەکات ئەدەب بەگشتی و شیعری هاوچەرخ بە تایبەتی بەها و گرینگی و پەیام و مەبەستی هەیەتی لە دەستی دەدات، واتە: ئەگەر ئاسایی خۆش لە دەم و قوورگ نەهاتە دەرەوە، مەبەست لە ئاوازی بە ئاسانی لە قوورگ نەهاتە دەرەوە ... هتد، ئەوا دەبێتە قسەی زارەکی و ڕۆژانەی خەڵکی، ئەمە جگە لەوەی وادەکات خەڵك بە دوای شتی تر بکەوێ "بەتایبەتی بەرهەمی وڵاتانی جیهان، ئەمەش مەترسیدار وهەستیارە، چونکە کاریگەریی خراپ دروستدەکات، لەبەرئەوەی ئەوان لە(کەلتور ،ڕۆشنبیری ،ژیان و داب و نەریت ،ئاین ، پەروەردە ....هتد ) لەگەڵ ئێمە جیاوازییان هەیە، ڕاستە ڕەنگە لەڕووی فێربوونی زمان سوود بگەێنی، بەڵام لە لایەکی ترەوە وێران کاری لەسەر نەوەکانیان و گەنجان دروستدەکات، چونکە عەقلیەتی بێگانە بەسەریاندا زاڵ دەبێ، ئەوش مەترسیدارە، جا بۆیە پێویستە دەقی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی لە هەموو لایەنەکان جوان بێ، بۆ ئەوەی ئەومەترسییە لەسەر گەنجەکانمان و ئەدەبی هاوچەرخ دروستنەکات.

## تەوەری دووەم

### ٢-١: ڕووواڵەتەکانی جوانی لە شیعری نوێ (هاوچەرخی) کوردی بەشیعری (کۆچی کوردان) ی (شریف حوسێن پەناهی[1]) بە نموونە .

ڕووالّهتەكانی جوانی لە شیعری (هاوچەرخی) كوردی بەگشتی و شیعری (كۆچی كوردان)ی (شریف حوسێن پەناهی) بەتایبەتی خۆی لەم لایەنانە دەدۆزێتەوە، كە بریتین لە :

## ٢-٢: بونیادی فـۆرم :

بەر لە هەموو شتێك پێویستە روونكردنەوەیەك لەسەر (وشەی بونیاد)، بخەینەڕوو بونیادی دەقی ئەدەبی بەگشتی بونیادی شیعر بەتایبەتی، بەڵام لێرەدا ئێمە زیاتر جەخت دەكەینەوە لە سەر( بونیادی شیعر)،كە بریتییە لە: هەندێ ڕەگەزی مادی و مەعنەوی تایبەت بەخەسڵەت و تایبەتمەندی شیعرەكە، ئەوانیش: (زمان ،فـۆرم ،وێنە ،بیر، شێوازو بەلاغە....هتد)یە، بەڵام ئێمە زیاتر جەخت دەكەینەوە سەر ڕوواڵەتی جوانی، بـۆیە بونیادی زمان و بونیاد لە رووی ووشەییەوە بریتییە لە: ((هەموو پێكهاتوویەك لە دیاردە بە یەكەوە بەستراوەكان، كە هەریەكە لەو دیاردانە لەسەر غەیری خۆی دەوەستێ، قەتیش هیچان ناكرێ ببێتە ئەوەی هەیە، تەنیا بەهۆی ئەو پەیوەندییەی نەبێ كە بەغەیری خۆیەوە هەیەتی ))( حجازي. دون سنة الطبع،٢٠٣)، بونیاد، مەبەست لە: بنەما- بناغە، ئەمەش بنەمای ئەو شتەیە، كە لەسەری دامەزراوە .

بونیادی فـۆرم (قالب) روونكردنەوە لە سەر وشەی بونیادی فـۆرم ئەوەیە: ((فـۆرم و قەبارەی دەق یەكێكە لەو پرسیارانەی لەسەر دەق دەوروژێندرێت، كە ئایا دەق لە چ فـۆرمێكدا خۆی بەیان دەكات)) (مەلازادە،٢٠٢١، ٣٤)، كە ئایە مەبەست لە گەورەو بچووكی دەقە، نەخێر مەبەست لە: (( فـۆرم ...دیوی دەرەوەی دەقی ئەدەبییە ،ئەو كایە یەیان ئەو دەفرەیە ، كە پەیامی دەقی ئەدەبی تیای دا دەندرێ )) (مستەفا،٢٠١٧، ٣٠)، فـۆرم بەگشتی واتە: ڕووكەش، رووخسار، ڕووالەت-فـۆرم بەگشتی دیوی دەرەوەی شتەكانە، لە روانگەی ئەدەبیش، فـۆرم (بونیادی فـۆرم)، واتە: بنەمای فـۆرم-رووخسار ڕوواڵەت- دیوی دەرەوەی دەقەكان بە گشتی دەگەیێنێ، ئەوەی لە ڕووەكەش دەیبینی رەنگدانەوەی ناوەوەی دەقەكەیە، یان شیعرەكەیە . جا لە شیعریشدا دەبێ بەم شێوەیە بێ، فـۆرمی پڕ بە خۆی بێ، نە زیاد بێ، نە كەم بێ و دەق (شیعر)ەكە نەشێوێنی و لە ناو فـۆرمەكە دەردەكەوێ و پەیامی شیعری تیایدا دەركوتووە، تاوەكو شتە سەرەكییەكانی جوانی لە شیعری هاوچەرخدا بە تایبەتی و دەقی ئەدەبی بەگشتی تەواو بكات. ئەگەر هاتوو لایەنی (فـۆرم) لاواز بوو، یان بەجۆرێك شێواوبوو ئەوا بەرهەمەكە (شیعر) بەتایبەتی ئەو نرخەو بەهایەی، كە هەیەتی لە دەستدەدات. بـۆیە لایەنی ڕووخسار زۆرگرنگە لە شیعری كوردی بەتایبەتی لەو شیعرە هاوچەرخەی، (شریف حوسێن پەناهی)كە (كۆچی كوردان)ە، شاعیر زۆر بەجوانی، پەیامی شیعرەكەی لە دیووی دەرەوەی لە ڕووی هونەرییەوە بـۆ كێشاوین و بەیەكەوە گونجاون، دەقیكی شیعری سەركووتویان پێكەێناوە، كە سەرنجی خوێنەر بـۆ لای خۆی رادەكێشی، وادەكات پەیوەست بی پێیەوە تا شیعرەكە تەواو دەبێ، ئەمەش هونەرێكی زۆر گرنگە بـۆ سەر خستنی و جێگەكردنەوەی لە شوێنێكی بەرزی شیعرەكە لەناو شیعرەكاندا بەتایبەتی لەوسەردەمەی ئێستادا و لە لای خوێنەر و لە دونیای ئەدەبی كوردیدا، ڕووالەتی(ڕوخساری )شیعرەكە زۆر جوان وسەرنج راكێش و هەست بزوێن

وكارتێكراو بە شێوەیەكی (تەكنیكی-هونەری)دارێژراوە، كە خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەكەی دەبینێ مۆسیقایەكی خۆش و فۆرمێكی جوانی دروستكردووە. هەر لە رووالەتەكەشی دەركەوتووە پەیامی شیعرەكەی گەیاندووە .

كۆچی كوردان وا بەكاروان دێ لەرێی شارانەوە
رۆژبەباری قورس وبرسی ،شەو لەبەر بارانەوە
نیشتمانی خۆمەو دەپیوم مەڵێن :ئاوارەیە
گەرچی بێ رەشمال و پێخواستم لە كۆسارانەوە
ڕێگە دوورە و خێڵی ماندوو لێو بەبارەو پێ بە پێ
چاو بە ئە سیرین دێنە پیری كۆچەكەی یارانەوە
نایە سۆزی دەنگی گۆرانی هەوارەو كۆچی سوور
كاروان گوێیی داوەتە نالەی بریندارانەوە
بۆ منداڵێ تەرمی دایكی خۆی بە جێد یڵێ و ئەچێ
ئاسمان دەگرین مەلان دەگرین بەسەر دارانەوە

دەنگی تۆپ و تیژی دوژمن دێلە شوێنی كۆچەوە
جێی هەواران وا بەدەستی سووری زۆر دارانەوە[٢] .. (پەناهی، ١٩٧٩، ٢٠)

لە رووی كێش و سەرواو زمان و پەیامەوە....هتد، لە شیعرە هاوچەرخەكەدا، زۆر جوانن ، هەرئەمەشە وایكردووە دیووی دەرەوەی شیعرەكە زۆر جوان دارێژراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەرووالەتی شیعرەكەی جوانكردووە و بەو فۆرمە جوانەی هەیەتی سەرنجی ئێمەی خوێنەر-گوێگر بۆ خۆی رادەكێشی، چێژ تایبەت دەدات. كە دواتر دێنە سەری بە ووردی باسی دەكەین و شیدەكەینەوە، هەرلە فۆرمی دەركەوتوو پەیامی شیعرەكەی باس لە (كۆچی كوردان) دەكات و باسی ئاوارەی كوردەكان، بەهۆی شەرو ناخۆشی و زوڵم وزۆرداری داگیركەرانەوە بە شێوەیەك باسی كردووە، ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنی ....هتد ، وشە و رستە و دەستەواژە و برگەكانی كاریگەریی بەهێزی لە سەرمان دروستكردووە، بە شارەزایی و سەركەوتوویی ئەنجامیداوە و كاریگەریی بە هێزی لەسەر ئێمەی خوێنەر دروستكردووە، چێژی تایبەتی دەگەینی و داهێنانی تیا كردووە، وەك: (كۆچی كوردان ،بەكاروان،دێ،لە رێ ی شارانەوە ... ...هتد).

**٢-٣: بونیادی زمان :**

مەبەست لە زمان ئایا زمانی دەقەكە زمانێكی ئاڵۆزە، یان تەم ومژاوییە، یان ڕوونە، یان نیشتیمانییە،یان نەتەوەییە، واتە: دەرخستنی جوانی شیعرەكە لە ڕێگەی زمانەوە ئەوەش بەهۆی ئەوەی: ((شاعیر لە ڕێگای زمانەوە

هەوڵدەدات جیهانێکی پڕ لە جوانی تاسەبەخش بونیات بنێت، لە ناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەربکات، هەوێنی ئەو بابەتەش شیعرە، لەهونەردا بەهاو نرخی دەبێت))(مەحموود،٢٠١٢،١٠)، ئەمەش لە ئەنجامی بنیاتنانی دەربڕینە بەیەکەوە بەستراوەکان بنیاتنراوە، وەکو: ((هیچ هەڵبەستێك لە گوتەو هیچ ریکخستنێکی دیکە دروست نابێ، تا دەربڕینەکانی هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە نەبەسترێنەوە و هەندێکیان لەسەر لە هەندێکی دیکەیان بونیاد نەنرێن)) (الجرجانی،٢٠٠١، ٥٤)،واتە: لەو دەستەواژە و وشە و دەربڕینەکانی" کە سەر بە یەکتری بونیاددەنرێ.

ئەوەش مانای ئەوە دەگەیێنێ، کە بونیادی زمان کۆڵەگەیەکی سەرەکیی دەقی ئەدەبییە بە تایبەتی شیعری هاوچەرخ، جا بە پێی زمانی فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی هەر شاعیر تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەم بوونیادەش لە نێوان دەقەکانی ئەدەبی جیاوازییان هەیە، وەك ئەوەی لە (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، ئەفسانە، داستان....هتد) لە ناو هەریەکەیان تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت بە دەقەکەوە وەردەگرێ، چونکە((هەمیشە گۆڕان بەسەر دەقە ئەدەبییەکاندا دێت، ئەو گۆڕانانە پەیوەندیدارن بە بیرو وشیاری نووسەرەکەی و وشیاری ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دەقەکەیان بۆ پێشکەشکراوە))( حجازی،دون سنة الطبع، ٢٠١) ئەو گۆرانەش رادەی رۆشنبیری نووسەرەکە و ئەو خوێنەرانەی دەقەکەی هاتۆتە بەردەستی دەوری سەرەکی تێدا دەبینن.

ئێمە کرۆکی بابەتەکەمان زمانە، بابێینەوە سەر زمان، کە یەکێکی ترە لە بونیادی ڕووڵەتە گرنگەکانی جوانی دەقی ئەدەبی، شیعری هاوچەرخ بەتایبەتی، چونکە لەگەڵ رووخساردا خوێنەر زمانی شیعرەکەی دەکەوێتە بەر چاو، یان بەر گوێ، جا هەر نەتەوە بەزمانی خۆی کاریگەر دەبێ، وەك: نەتەوەی کورد بەزمانی کوردی خۆی جاری واهەیە و زۆریش لە شاعیران زمانی بێگانە بەکاردەهێنن، لێرەدا ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنی، کە شتێکی خراپە، نەخێر دەوڵەمەندکردنە، بەڵام گرینگیەکە لەوەدایە، کە پەیامی تەم و مژاوی نەبێ وشیعرەکە نەشێوێنی و کوردیەکەی لە فەرهەنگی زمانی خۆمان نزیك بێ و((مەبەست لە زمانی دەق، ئایە زمانی نەتەوەی پەتییە، یان زمانی تێکەڵە؟!زمانێکی دەوڵەمەندەیان هەژارە ؟!زمانێکی روونە،یان تەم ومژاوییە؟!زمانێکی ئاساییە،یان رەمزي وپرمەجاز و داهێنان؟!)) (مستەفا،٢٠١٧، ٣٠).

ئەم هەموو پرسیارو گومانانە زۆر جار وادەکەن دەقەکە(شیعرەکە)بشێوێ گەر یەکێك لەمانەی تیا نەبوو، یان جێگەی گومانی دروستکرد، ئەوا بەم شێوەیە شیعرەکە دەشێوێنێ، گەر شیعر بە زمانێکی سادە و ساکار نووسرا و لە زمانی فەرهەنگی و زمانی شیعری نەتەوەکەی دووربوو، ئەوا شیعرەکە لاسەنگ دەبێ، وەك تەرازوو بە لایەکدا دەچێ و ئەو بەهایەی هەیەتی لە ناو دەریایی شیعرەکە بە تایبەتی و ئەدەبی کوردی بەگشتی لە دەستیدەدات. چونکە تەم ومژی دروستدەکات، هەروەها زمانی شیعری: ((زمانی شیعری زمانێکی بارگاوییەبە واتاو هەست و سۆز ورووژاندن، شاعیر

هەر بەوە ناوەستێت، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی رادەی کاریگەریی وێنەی شیعری دەسازێنێ))(عوسمان دەشتی، ٢٠١٠، ١٨٠) .

ئەوەی جێگەی باسکردنە و ئێمە زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە لەم لێکۆلینەوەیە شیعری (کۆچی کوردان)ی شاعیری ناوبراو، بە زمانێکی کوردی خۆماڵی و پەتی زۆر جوان نووسراوە ،وادەکات خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ بەو جوانییەی لە زمانەکەی دروستکردووە، هەم چێژمان پێ دەبەخشێ، ئەگەر چی ووشەی (فارسی) تیا بەکارهاتووە بۆ دەوڵەمەندکردنی بەکارهاتووە، (خەیلی)، واتە: (زۆر)، زۆرجوانە، ئەمە بۆ دەوڵەمەندکردنە، چونکە زماني کوردی خۆی لە خۆیدا دەریایەکی دەوڵەمەندە لە رووی فەرهەنگیەوە، زۆر کەس، دەڵێن: ئێمە زمانی ستانداردمان نییە، بەڵام ئەوە وەڵامی ئەم کەسانە دەداتەوە بەو جوانییەی ئەو شیعرە هاوچەرخەی کە لە زمانەکەدا دروستیکردووە و مانایەکی گەورە دەدات و چێژ بە خوینەر دەبەخشێ و دەروون ئارام دەکاتەوە، واتە: زمانێکی (شیعری) جوانی بۆ دەقەکە دروستکردووە، بە وشە و برگە و رستەی جوان، ریزکردنێکی شارەزایانە و لەرێگەی زمانەکەوە پەیامێکی بەهێزدەگەێنی. وەك

(کۆچي کوردان وابەکاروان دێ لە رێی شارانەوە
رۆژ بەباری قورس و برسی ،شەو لەبەر بارانەوە
نیشتماني خۆمەو دەپێوم مەڵێن ئاوارەیە
گەرچي بێ رەشماڵ و پێخواسم لەکۆسارانەوە
رێگە دوورە و خۆي ماندوو لێو بەبارو پێ پەتي
چاو بە ئەسرین دێنە پیری کۆچەکەی یارانەوە...هتد. **(پەناهی،**١٩٧٩، ٢٠)

**٢-٤: بونیادي كێش:**

کێش، بریتیە لە: کومەڵێك دەریا (بازنە) لە عەروزی عەرەبیدا هاتووە(کێشي عروزی عربی)، ئەمەش (کێش و قافیە)ی پێ دەگوترێت، خۆی لە چەند بازنەیەك دەبینیتەوە، بە گوێرەی برگەی (درێژ و کورت)دابەشکراون، ژمارەي برگەکان جۆری کێشەکە دیاریدەکات، کە پۆلینکراون بۆ (هەزەج،رەمەل،شەزاد،حەفیف ،مجتپ ،...هتد )، هەریەکە لە برگەی (کورت ودریژ ) هێمای (U) پیتی (یووی ئینگلیزی) بۆ دانراوە، برگەي کورتیش، واتە: (نە ،بە،.....هتد)، (–) کەمەکەش، واتە: برگەی درێژ ، وەك: (شەو، دڵ، لەم ،......هتد)، جگە لەوەی کێشی خوماڵی کوردیشمان هەیە، جا لەسەر شاعیران وایە پابەندی ئەم بازنەی کێشی عەروزی عەرەبی، یان کێشی شیعری کلاسیکی، یان خۆماڵی بن، بە شێوەیەکی هونەری ورێك و پێك بونیادبنرێ، ئەم کێش وقافیە جوانیەکی تایبەت وئاوازێکی خۆش و مۆسیقایەك دروستدەکات، چێژ بەشیعر دەبەخشی، ئەگەر شاعیر لە شیعردا ئەم کێشە بەکارنەهێنی ئەوا شیعرەکەی دەبێتە شیعری ئازاد، وەك: ئەوە وایە کەسێك لە یاساو ڕیساکانی دەوڵەتی خۆی یاخی بێ و پەیرەوی

هیچ یاسایەکی ناو ولاتەکەی خۆی نەکات، جا ئەو کەسە سەربەخۆی خۆی وەردەگرێ، بەڵام ترسەکە لەوەدایە، لەو سەربەخۆییەی خۆیدا دەکەوێتە هەڵەو و ناو گێژاوی ژیانی شێواو و تێکچوو ڕێگا لێ وون بوو، جا شیعریش بەو شێوەیە ، بەڵام بەم جۆرەشیعرە لەم سەردەمە دەگوترێت شیعری ئازاد. لێرەدا با بێینە سەر ناوەرۆکی باسەکەی خۆمان کە کێش لە شیعری (کۆچی کوردان )ی(شریف حوسێن پەناهی)ە ،بزانین ئەم شیعرە لە چەند برگەو چ کێشێك ...هتد پێکهاتووە ، ((کێش و ئاوازی شیعر ڕەگەزێکی گرینگی شیعر پێکدێنی ))(گەردی،٢٠١٤، ٥) .

کەواتە: کێش و ئاواز یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ناو شیعر بەگشتی شیعری هاوچەرخی کوردی بەتایبەتی، چونکە کاریگەری خۆی لەسەر خوێنەر دروستدەکات. لە چەند برگەو چ کێشێك ...هتد پێکدێت و پەیامەکە بە جوانی و چێژ و خۆشی بگەیەنێ. ((زمانی هونەری بۆ گوێگر، بۆیە هەروشەیەك لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەبێ بەشێوەیەکی مۆسیقای دەربردرابێ، کێش و ریتمی وای هەبێ، کە پێداویستی بونیاتی مۆسیقی دەربرینەکەیە))(هالبێرگ،٢٠١٠، ٩٨)، هەربۆیەش ((ئەو بیسەرەی گوێبیستی دەربرینەکانی زمان دەبێ، رادەی کاریگەربوونی یەکسانە بەزمانی قسەکەر))(کارلیخ،١٩٩٨، ٢٠٦).

کۆ/چی/ کور/دان/– وا/ بە/ کار/ وان/– دی/ لە/ ڕێ/ شا/– را/ نە/وە/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی)
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

ڕۆژ/بە/با/ری/ –قورس/و/بر/سی/– شەو/لە/بەر/با– /را/نە/وە/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی)
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

نی/ش/تی/مانی –/خۆ/مە/دەي/پێ/–وم/ مە/ڵێن/ ئا/– وا/رە/یە/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی)
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

گەر/چی/بێ/رەش/–ماڵ/و/پێ/خوا/–سم/لە/کۆ/سا/–را/نە/وە/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی)
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

ڕێ/گە/دوو/رەو/–خێڵ/ی/ما/ندوو/– لێو/بە/با/رەو/–پێ/پە/تی/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی) فاعلاتن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

چاو/بە/ئەس/رین/–دێ/نە/پي/ری/–کۆ/چە/کەی/ یا/–را/نە/وە/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی) .
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

نا/یە/سۆ/زی/– دەن/گی/ گۆ/را/–نی/هە/وا/رەو/– کۆ/چی/سوور/ (٣پێ ٤برگەیی ١پێ ٣برگەیی)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

كا/رو/ان/ گوێ/- دا/وه/ته/نا/-ڵهی/ب/رین/دا/-را/نه/وه / (٣پێی ٤برگەیی ١پێی ٣برگەیی)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

بۆ/ من/دا/ڵێ/-تەر/می/دا/یکی/-خۆی/به/جێ/دێ/-ڵێ /و /ئه/چێ (٣پێی ٤برگەیی ١پێی ٣برگەیی)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

ئا/س/مان /دەگ/-رین/مە/لان/ دەگ/-رین/به/سەر/دا/-را/نه/وه/ (٣پێی ٤برگەیی ١پێی ٣برگەیی)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

دەن/گی/ تۆپ و/ تیر/ی/ دوژ/من/-دێ/له/شو/ێنی/-كۆ/چه/وه (٣پێی ٤برگەیی ١پێی ٣برگەیی)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ٤+٤+٤+٣=١٥

جێ/هه/وا/ران/-وا/به/دەس/تی/-سوو/ری/زۆر/دا/-را/نەوه(پەناهی،١٩٧٩،٢٠)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (٣پێی ٤برگەیی ١پێی ٣برگەیی) ٤+٤+٤+٣=١٥

کێشی ئەم شیعرە بەپێ ئەو شیکردنەوەی لە بواری کێشناسی کوردیدا بۆمانکرد بەپێی برگەکان و کورت و درێژیان دابەشمانکرد ،بۆمان دەرکەوت پێکهاتووە، لە: (٤+٤+٤+٣)= ١٥ (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، کە (١٥) برگە، واتە: (٣پێی٤برگەیی ١پێی٣برگەیی)، ئەمەش کێشی (رەمەلی هەشتی مەحزوفی)پێ دەڵێن، شاعیریش لەبەرجوانی و پەیامی شیعرەکەی وایکردووە و وای پێوستکردووە ئەم جۆرەکێشەی بەشێوەیەکی هونەریانە و زۆرجوان بەکارەێناوە.

بەم کێشەی، کە بەکاریەێناوە ئەو ووردەکاریانە دەریایەکی زۆر گەورەیە گەر بیری لێ بکەینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا جوانیەکی لەرادە بەدەری بۆ شیعرەکە بەهۆی ئەم کێشەوە زۆر خۆش وجوان و کاریگەر و بەچێژ و هەست بزوێن.... دروستکردووە، کاتێ دێتە بەر گوێمان و بۆ لای خۆمان رادەکێشی ناچارت دەکات گوێ بۆ رابگری، یان بخوێنەوە، گەر دێری یەکەمت خوێندەوە حەزدەکەی تەواوی بکەی، بەهۆی جوانییەکەی دروستیکردوە، بەشێوەیەکی هەندەسی- ئەندازەی رێك و پێك بوونیاد نراوە گوێ ئاسوودە دەکات، بەو کێشەوە و تەواو خوێنەر ئاسوودە دەکات و پەیامی شیعرەکەشی دەگەێنێ.ئەوەی شیوی باسکردنە ئەوەیە ئەم شعیرە لەسەرکێشی عەروزی عەرەبی نووسراوە، کەچی زۆربەی شیعرەهاوچەرخەکانی تر بەناوی شیعری ئازاد پەیرەوی ئەم کێشەیان نەکردووە، بەڵام ئەم شیعرەش دەکەوێتە بەر ئەو تەوژمە شعیرە هاوچەرخەی کە لەدوای ساڵانی (٧٧)ەوە نووسراوە، بۆیە دەتوانرێت بەشیعری هاوچەرخ دابنرێت.

**٢-٥: بونیادی سەروا :**

هەر کاتی لە شیعری کوردیدا باسی کێش دەکرێ سەرواش لەگەڵی دێت، چونکە بنەمای سەرەکی جوانی لەشیعردا (کێش و سەروا)یە وئاوازێکی خۆش و کاریگەر دروستدەکات، کە دێتە بەر گوێت، یان دەیبیستی، گەر سەروادار بێ حەز دەکەی شیعرەکە بخوێنیەوە و تەواوی بکەی، بەڵام ئەگەر سەرواکەی تەواو نەبێت، شیعرەکە لاسەنگ دەبێت، وەك تەرازو بەیەك لا دەچێ، تام و چێژی نامێنی شیعرەکە کاتێ دەخوێنیەوە هەست بە بێزاری دەکەی و حەزناکەی تەواوی بکەی وازی وڵێدەهێنی.

سەروا بە زۆری لە نیوە دێری کۆتایی شیعرەکاندا دادەنرێ، چونکە سەروا وادەکات شیعرەکە هاوسەنگ بێت ((سەروا بیسەریکی دروستکراوی مۆسیقایی دەرەوەی شیعرە ،پیتی (رەوی):دوا پیتی پنجی و دەنگداری هاوشێوەیە ،لە هەردوو وشە کۆ تاکاتی هەردوو نیوە دێرەکانی شیعر، کە بە مۆسیقای دەربرین شەپۆلی هاوسەنگ و سنورداری ،بە مۆسیقای تایبەت بۆ دروست دەبێ وە لەوێوە شەپۆل کە کۆتا دێت و سەر لە نوێ پەیام لە دێر ،یان نیوە دێرێکی دیکەدا بەهەمان درێژی دەستپێدەکاتەوە وبەهەمان شێوە سەروا کۆتایی بەویش دێتەوە )) (مستەفا،٢٠١٧، ٣٤).

(سەروا)، واتە: (قافیە)ی عەرەبی، کە دەڵێی: کێش وسەروا، زۆرجاریش، دەڵێن: کێش و قافیە ، بە تایبەتی کێش و قافیەی عەرەبی، چونکە وشەی قافیە وشەیەکی عەرەبییە، ئێمە زۆرجا دەڵین: (کێش وقافیە) ، چونکە وا ڕاهاتووین و لە عەرەبی وەرگیراوە، بۆیە هەردەم کێش وقافیەش تەواوکەری یەکترن، واتە: ئەگەر شیعر کێشی جوان بێ، قافیەی جوان نەبێ، وەك: خانووێك وایە، کە دروستکراوە بەڵام تەواو نەکراوە، واتە: زۆرکەسیش ئەم خانووە تەواونەکراوە، گەر زۆر ناچار نەبێ بەکارناهێنی، جا بۆیە ئەمە، وەکو شیعرێکی بەکێش و بێ قافیە (سەروا) یە، ئەگەر خوێنەر ناچار نەبێ، نایخوێنیتەوە ، چونکە ئەو خۆشی وجوانی هاوسەنگی لە شیعرەکەدا هەیە بوونی نابێ گەر سەروا بوونی نەبێ ،بۆیە لێرەدا سەرواش بنەمایەکی تری جوانییە لە شیعردا جێگە و رەنگ وتایبەتمەنی خۆی هەیە. بە نەبوونی شیعرەکە تێکدەچێ و یەکێ لە بنەماکانی جوانی لە دەست دەدات کە سەرواداریيە. ((عەروز ناسەکان بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە، چونکە دەکەوێتە کۆتایی ئاخاوتن))(عبود، ٢٠١٣، ٦٨)عەروزناسەکان، بۆیە ناوی سەروایان بۆ هەڵبژاردووە، چونکە دەکەوێتەکۆتای قسەکردن، یان شیعر، واتە: سەروا لەکۆتایدا دەردەکەوێ، ئەویش بەهۆی (رەوی) دەردەکەوێ، (رەوی) بریتیە لە: پیتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شێوە دێردا، جا رەوی پێش پیتە هاوبەشەکە، پێی دەڵێن: (پێش رەوی) و ئەوەی دوای پیتە هاوبەشەکە، پێدەڵێن: (پاش رەوی)، ئەم رەویە سەروایەکە دروستدەکات. ((زانایانی کورد وەکو زانایانی عەرەب ، پێان وایە سەروا وەکو کلکی ئەسپ وایە چەند کلکی جوان بێ ئەسپەکە جوان دەبێ )) (مستەفا،٢٠١٧، ١١٩)، ئەگەر تەماشای ئەسپ بکەین بەهۆی کلکی جوانیەکەی سەرنج رامان دەکێشێ، جا بۆیە بەهۆی ئەو جوانییەی لە دواوەی ئەسپەکە هەیە، کە کلکی ئەسپەکەیە، زانایان بەویان جواندووە و شیعرەکە گەر جوان بێ، ئەو کاریگەر تر و بە چێژ تر دەبێ.((رەوی بریتییە لە وەکییەکی پیتەکان پێش پیتی رەوی لە دێرەکانی شیعردا )) (مطلوب،٢٠٠٥، ٣)،

ئیستا دێنه سەر ناوەرۆکی بابەتەکان، کە بونیادی جوانی سەروا لە شیعری(کۆچی کوردان)ی شاعیرە:

کۆچی کوردان وا بەکاروان دێ لە رێ شارانەوە

رۆژ بەباری قورس و برسی شەو لەبەر بارانەوە

لەم دێرەدا (ن) رەوییە لە وشەی( شارانەوە ) و (بارانەوە)

(ا) پێش .(ن) پێش رەوییە و (ە) پاش (ن) پاش رەوییە

نیشتمانی خۆمەو دەپێوم مەڵێن ئاوارەیە

گەر چی بێ رەشماڵ و پێ خواسم لە کۆسارانەوە

رێگە دوورەو خێلی ماندوو لێو بەبارەو پێ پەتی

چاو بەئەسرین دێنە پیری کۆچەکەی یارانەوە

نا بە سۆزی دەنگی هەوارەو کۆچی سوور

کاروان گوێی داوەتە ناڵەی بریندارانەوە

بۆ منداڵی تەرمی دایکی خۆی بە جیدێلی وئەچێ

ئاسمان دەگرین مەلان دەگرین بەسەر دارانەوە

دەنگی تۆپ تیژی دوژمن دێ لەشوێنی کۆچەوە

جێ هەواران وا بەدەست سووری زۆردارانەوە !!.... (پەناهی،١٩٧٩، ٢٠)

لە هەموو دێرەکاندا ، وشەکانی (کۆسارانەو، یارانەوە، بەسەردارانەوە)، ئەوا لە هەموو ئەمانەدا (ن)ی پێش (هوە)(رەوی ) پێ دەڵێن، بەڵام ئەوانەی تر (ا)ی پێش (ن)، ئەوا (پێش رەوی)،پێ دەڵێن و (ە)ی پاش (ن) (پاش رەوی) پێ دەڵێن، سەروای غەزەلی سەرواکەی لەنیوە دێری دووەمدا لە سەر نیوە دێری دووەمدا دامەزراوە لەسەر بەیتی یەکەم دامەزراوە.

کەواتە: بۆمان دەرکەوت ئەو (ن)ی رەوی لەگەڵ (ا)ی پێش رەوی و (ە)ی پاش رەوی جوانییەکی لە رادەبەدەری کێش و سەروای داوەتە شیعرەکە، کە وادەکات بە ئاسوودەیی بێتە بەر گوێت و دەروون ئارام بکاتەوە چێژو خۆشی و جوانی بە شیعرەکە ببەخشێ بیربکەینەوە ئەگەر ئەم سەروایەی تیا نەبوایە، لەوانەیە بەو شێوەیە نەبوایە.

کۆچی کوردان وا بەکاروان دێ لە ری شارێ

رۆژ بەباری قورس وبرسی و شەو لەبەر

سەیر بکە ئەم (رەوییە)، واتە: پێش و پاش رەوی چ جوانییەکی داوەتە شیعرە هاوچەرخەکە وایکردووە، ئاوازێکی (مۆسیقی) سەرنجراکێش بداتە خوێنەر و حەز بکات گوێی لێ بگرێ، یان بیخوێنێتەوە، ئەوە لێرەدا دەردەکەوێ، کە سەروا کاریگەریەکی ئیجگار زۆری لە ناو شیعرەکاندا هەیە و هەم سەرواش تەواوکەری کێشە، وەك:

یەك خێزان وانە، ئەگەر بە یەکەوەبین و گرنگیان پێ بدەین  گەشە دەكات و پێش دەكەوێ شتی باشتر بەرهەمدەهێنی، كەواتە: ((سەروا هەماهەنگیەكی دەنگییە، لە كۆتایی دێرەكان، نیوە دێرەكاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەم دووبارەبوونەوەیە پایەكی گرینگی ئیقاعی شیعریە، وەكو فاصیلەی مۆسیقا وەهایە، كە دووبارە دەبێتەوە ، كار لە وەرگر دەكات و هەستێكی قووڵی بەرامبەر بە ئیقاعی شیعر بۆ دروستدەكات))( یوسف،٢٠٠٥، ٣). ئەم ئیقاعە شیعریەش چێژێكی تایبەتی لای خوێنەر دروستدەكات.

**٢-٦: بونیادی وێنە:**

دێنە سەر كۆتا بنەمای  ڕوالەتەكانی  جوانی لە شیعردا بەگشتی و شیعری هاوچەرخی (كۆچی كوردان)ی(شریف حوسێن پەناهی) بەتایبەتی، كە ئەویش وێنەیە، بەگشتی وێنە گرنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە: باسی كەسێك دەكەی ناوی نازانی، دەڵێی: كوا وەسفم بۆ بكە شێوەی چۆنە، باڵا بەرزە، سورەیە، سپییە، گەنمییە، ڕەنگی پرچی، بەهۆی ئەو وێنەیەی، كەوا وەسفی دەكەی، وێنەی كەسەكە لە مێشكمان دروستدەكات، ئەگەر ناوەكەش نەزانی ڕەنگە نزیكییەك لە كەسەكە دروستبكات، بەهۆی ئەم وێنەیە دەگەینە ڕاستیەك، كەواتە: لە ڕێگەی وەسفكردنی شتەكان بە ئاخاوتن دەتوانین  بە ناوەرۆكی شتەكان بگەین، بۆ شیعریش بەم شێوەیە بەڵام لێرەدا وشەكان ڕۆڵ دەبینن لە دروستكردنی وێنەكەدا ، وێنە بە شێوەیەكی گشتی لە زۆربەی شتەكاندا سەرنجی مرۆڤ رادەكێشێ و كاریگەری  زۆری هەیە لەسەر(هەست وئەست و چێژو ....هتد)، كەچی لەناو شیعردا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت و لەگەڵ(كێش،  سەروا، مۆسیقا، زمان وفۆرم)جیاوازتر دەردەكەوێ، لە ژانرەكانی تری ئەدەبی، كە دەبێتە هۆی دروستكردنی (دیمەن، یان وێنەیەك) لە مێشكمان. كەوادەكات كاتێ شیعرەكەمان خوێندەوە، ئەم دیمەنە دێتە بەر چاومان، لێرەدا لە شانۆ نزیك دەبینەوە، بەڵام  شانۆ ڕاستەوخۆ لەسەر تەختی شانۆ پێشكەشدەكرێ، بەڵام شیعر لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقەكە دیمەنەكە دروستدەبێ و بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ كاریگەری، بە هێز  لە سەرمان  دروستدەكات و دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر داهێنانی تیادا بكات، ((وێنە بۆچوونێكی هەستییە لە بونیادی فیكری شاعیر، یان ئەدیب، لە ڕێگای واتا زمانی باری دەروونی وتوانا هونەرییەكان ئاشكرا دەبێ ،یان بۆ چوونیەكی زینییە لە ڕێگەی  لێكچوواندن و خواستنەكان بەرهەم دێت ....هتد) (مستەفا،٢٠١٧، ٣٥). بەهۆی ئەمانە جوانیەك بۆ دەقەكە بەگشتی و شیعر بە تایبەتی دروستدەكەن. ئەوەی باسمان كرد جوانی بەگشتی و بونیادی وێنە لەناو دەقی ئەدەبی وشیعر بەتایبەتی ،

كەواتە: جەخت دەكەینە سەر شیعری هاوچەرخی(كۆچی كوردان)ی(شریف حوسێن پەناهی) بزانین ئەم شیعرە بەچ بۆچونیەكی زەینی جوان كراوە و گوزارشت لە چ دەكات؟! ئایا ئەو وێنەیە  شیعرەكەی جوانكردووە یان نا ؟!ئەم هەموو پرسیارانە لە شیعرەكەدا وەڵام دەدەینەوە .

خوێندنەوە و شیكردنەوەی :

((واتە كۆچی كوردان بەكاروان دێ لە ڕێگەی شارانەوە

ڕۆژ بەباری قورس و برسی شەو لەبەر بارانەوە

وێنەیەکی وەسفی دروستکردووە، واتە: خەڵکی کورد کاروان کاروان وا لە شاران دێنە دەرەوە بەشێوەیەکی گشتی خەڵك لە چۆلی کۆچ دەکات بۆ شار، بەڵام ئەم کۆچە پێچەوانەیە ،مەرج نییە هەموو وێنەیەکی وەسفی ڕەوانبێژی بێ، بەڵام هەموو وێنەیەکی ڕەوانبێژی وەسفییە.

نیشتمانی خۆم دەپیوم مەڵێن ئاوارەیە ،

گەرچی بێ ڕەشماڵ و پێ خواسم لە کۆسارانەوە .

واتە: لێرەدا ئاوارەیە وێنەیەکی وەسفییە، مەبەست لە وڵاتی خۆم دێم و دەرۆم، بێ ڕەشماڵ وێنەی وەسفییە، مەرج نییە مەبەست لە ڕەشماڵ بێ، پێ خواسم وێنەی وەسفی ڕەوانبێژییە، واتە: هیچیان نییە ئیديۆمە .

ڕێگە دوورە و خێڵی ماندوو لێو بەبار هو پێ بەپێ

چاو بەئەسرین دێنە پیری کۆچەکەی یارانەوە

مەبەست لە خەڵکی چاو بە فرمێسك دێنە پیری ئەو کۆچەی یارانەوە، وێنەی خوازەییە، پەیوەندی ئاوەڵناوە، واتای مرۆڤی چاو بەفرمێسك دەگەێنێ.

نا بەسۆزی دەنگی گۆرانی هەوارە و کۆچی سوور

کاروان گوێ داوەتە ناڵەی بریندارانەوە

واتە: خەڵکی کاروان ،وێنەیەکی خوازەییە، کاروان دەنگی نییە خەڵکە.

بۆ مندالی تەرمی دایکی خۆی بەجێ دەهێڵێ و ئەچێ

ئاسمان دەگرین مەلان دەگرین !بەسەر دارانەوە !

واتە: وێنەێکی وەسفییە، وەسفی مندال و بەجێهێشتنی تەرمی دایکی دەکات، ئاسمان دەگرین، مەلان دەگرین، وێنەی مەجازییە، مەبەست لە فریشتەیە دەگرین، یان باران دەبارێنێ ئاسمان خوازەیە ، مەلان دەگرین وێنەیەکی خواستنی درکاو دروستکراوە، چونکە گریان سیفەتی خواستنە دراوەتە پاڵ مەلان .

دەنگی تۆپ و تیری دوژمن دێ لە شوێنی کۆچەوە

جێ هەواران وا بەدەست سووری زۆردارانەو ه)) (پەناهی،١٩٧٩،٢٠)

واتە: لەو شوێنەی کۆچی تێدادێ دەنگی تۆپ و تیری دوژمن وێنەیەکی وەسفییە، بە دەست سووری، واتە: داگیرکار وێنەی وەسفییە، واتە: دەست بە خوێن .

لەم شیعرەهاوچەرخەدا وێنەیەکی وەسفی دروستکردوە، بۆچوونێکی زەینی دروستکراوە، کە باس لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری و میللەتی کوردانە ئەمەش وێنەیەکی ئێجگار جوان و سەرنج ڕاکێش و ...هتد ییە و وەسفی واقیعی ژیانی میللەتی کورد دەکات ، واهەستدەکەی بە شێوەیەکی ئەوەندە جوان داڕژراوە و کار لە ویژدانی مرۆڤ دەکات، هەستدەکەی لە پێش شانۆگەریەك دانیشتووی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و ئاوازدار وکێش و

سەروا و مۆسیقا و قافیەیەشی لەگەڵدا زۆر شیعرەکەیان جوانکردووە، وایکردووە هەستی خوێنەر بۆ خۆی رابکێشی. هەر بۆیە ئەگەر لە شیعردا بنەمای جوانی وێنە بوونی نەبێ، ئەو شیعرە تام و چێژو خۆشی وئارامی و ئاسودەیی و ئەو پەیامە کاریگەرەی نامێنی کاتی دەخوێنیەوە، واتە: ئەو کاریگەرییەی نامێنی، کە ئێستا هەیەتی .

بۆ نموونە ئەگەر بڵێن:

کۆچی کوردان دێ لە بری شارەوە

رۆژ بەباری قورس لە بەر بارانەو

لێرەدا هەم وێنەمان شێواند، هەم کێش ، هەم مۆسیقا وهەم فۆرمی شیعرەکە ئەوچێژەی،کە لەراستەقینەدا هەیەتی نەما، کەواتە: هەموو ڕوالەتەکانی جوانی بە وێنەشەوە کاریگەری زۆر دەکەنە سەر شیعر بەگشتی وشیعری هاوچەرخ بەتایبەتی، بۆ ئەوەی جوانی ناو شیعرەکە دەربخات وهەمووشیان تەواوکەری یەکترن .

**ئەنجام**

١-لە کۆتایی دەگەینە ئەو ئەنجامەی جوانی شتێکی بەرجەستە نییە، لە دەقی ئەدەبی ، بەڵام لە ڕێگەی هەستی بیستن (ئەو وێنە و دیمەنانەی لە دەقی ئەدەبی بۆمان دروستدەکات کاریگەریەکی مەزن و بەهێز دروستدەکات لەسەر مرۆڤ، جا لە رووی (فۆرم ،زمان ،کێش ،سەروا وپەیام....هتد) ،جوانی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە : شتێك چێژ بگەینی و دڵت خۆش بکات لە شیعریشدا جوانی لە (روخسار ، زمان، کێش، سەروا،وێنە)دا دەردەکەوێ، جگە لە لایەنی ناوەوەی دەق، کە باسمان کرد. ٢- جوانی لە شیعری هاوچەرخی(کۆچی کوردان) ی(شریف حوسێن پەناهی) دەمان گەینیتە ئەو ئەنجامەی، کە لە شیعرکەدا جوانییەکی سەرنج راکێش و چێژ بەخش وهەست بزوێن وئارام بەخش ...هتددروستکراوە، بۆتە هۆی داهێنانی بەرهەمێکی شیعری نایاب کە جێی سەرسورمانی زۆربەی کەسە، بەهۆی ئەو پەیامەی بەم شێوە هونەریانە گەیاندوویەتی.

٣- لە رووی بونیادی فۆرمەوە، فۆرمێکی زۆر جوانی هەیە، هەر لە دێری یەکەمەوە، کە دەیخوێنیتەوە وا لەخوێنەر دەکات پەیوەست بێ، تا تەواوی دەکات .

٤- لە رووی بونیادی زمانەوە، بە کوردیەکی زۆر پاراو و روون و بە کوردییەکی پەتی نوسراوە، کەم کەس هەیە، لێی تێ نەگات و لە هەمان کاتدا بەو زمانە روونە و پەتییەی وایکردووە سەرنجمان رابکێشێ و هەستی خوێنەر بۆ خۆی رابکێشی .

٥-لە رووی بونیادی کێشەوە، شیعرە هاوچەرخەکە پێکهاتووە لە: (٤+٤+٣)= ١٥( فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)کێشی (رەمەلی هەشتی مەحزوف)ی پێ دەڵێن لە عەرووزی عەرەبییدا: واتە: (٣پێی٤بڕگەیی و ١پێی٣بڕگەیی).

٦-لە ڕووی بونیادی سەرواوە، وشەکانی ((كۆسارانەوە ،بارانەوە ،بریندارانەوە ،كۆچەوە، زۆردارانەوە )) کە (ن) ڕەوی یە، ئەم ڕەوی یە وایکردووە سەروایەکی جوان بەشیعرە هاوچەرخەکە ببەخشێ و مۆسیقایەکی جوان بگەیێنێ و بە خۆشی لە گەروو بێتە دەرەوە .

٧-لە ڕووی بونیادی وێنەوە، لەم شیعرە هاوچەرخەدا وێنەیەکی وەسفی جوانی دروستکراوە.

## پێرستی سەرچاوەکان


**١-بەزمانی کوردی:**

- پەناهی،شریف حوسێن، ١٩٧٩، دیوانی ملوانکەی شین،تاران ،چاپی شەشەم.

- گەردی ،عەزیز، ٢٠١٤،كێشناسی کوردی، هەولێر ، نارین بۆ چاپ وبلاوکردنەوە.

- مەحموود،ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢،بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا،هەولێر،چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم.

- مەلازادە ڕێبوار مەحمەد،٢٠٢١،زانستی دەق لە ئەدەبدا، هەولێر ،چاپی یەکەم،چاپخانەی ناوەندی ئاوێرە.

- هالبێرگ، پیتەر،٢٠١٠،تیۆری ئەدەب و شێوازناسی، سلێمانی، و:ئەنوەر قادر محمد، مەلبەندی کوردۆلۆجی.

-دەشتی، عوسمان،٢٠١٠،بنەماکانی شعیریەت لە تێکستی (یادگار و هیوای ئیبراهیم ئەحمەد)دا، هەولێر ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە(١٦)، چاپخانەی حاجی هاشم.

-مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا،٢٠١٧، دەقناسی ئەدەبی کوردی، هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین.

-مستەفا،ئیدریس عەبدوڵڵا،٢٠١٧ ،دەقی ئەدەبی، هەولێر ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

**٢-بەزمانی عەرەبی:**

- الجرجانی ، الامام عبد القادر، ٢٠٠١،دلائل الاعجاز في علم المعانی، بیروت- لبنان ، دار المعاف.

- الشهرازوری ، یادگار لطیف, ٢٠١٠، جمالیات التقنی في السرد القرانی، دار الزمان للطباق والنشر و التوزیع، دمشق و التوزیغ، هو من: شارلوث سمث، ١٩٩٨، موسوعة علم الانسان- المفاهیم و المصطلحات الانثروبولوجیة ، قاهرة-مصر، ت:مجموعة من استاذه علم الاجتماع باشراف محمد جوهری ،المجاس الاعلی للثقافه.

- حجازی، سمیر، دون سنه الطبع, المتقن معجم المصطلحات اللغویة والادبیة الحدیثة، بیروت- لبنان ، دار الراتب الجامعیة.

- عبود ،خضر موسى محمد،٢٠١٣,الراقى في حداثه علم العروض والقوافى، بيروت- لبنان ، دار الكتب العلمية.

- كارليخ ، تيرينس موروكريستين، ١٩٨٨، فهم اللغه (نحوعلم لغه لما بعد مرحلهجومسكى ) ، بغداد، ترجمه: د.حامدحسين الحجاج، دارالشؤن والثقافه العامه.

- مطلوب، احمد،٢٠٠٥، فنون بلاغة(البيان والبديع) ، الكويت، الطبعه الاولى، دار البحوث العلمية.

- يوسف، حسنى عبدالجليل،٢٠٠٥, علم القافيه عند القدماء والمحدثين، مصر- قاهيره، مؤسسه المختار للنشر والتوزيع.

**الملخص**

إن نص (هجرة الكورد) هو واحد من أكثر النصوص شيوعا في الأدب الكردي الحديث، الذي نطمه (شريف حسين بناهي)، وذلك كقطعة من الشعر يتحدث فيه صاحبه عن مشاعره وأفكاره تجاه حبيبته، ولكن حبه هذه المرة يختلف عن حبه للمرأة، فإن محبوبته في هذه القطعة الشعرية هي وطنه التي تهاجر أهاليها نتيجة لغزو أعداء الكرد، فالشاعر هنا يتحدث عن الهجرة الكردية بطريقة مؤثرة جدا، وهذا أمر له أهمية بالغة للباحث، مما أدى إلى إنشاء عنوان هذا البحث.

مفاتيح البحث: (بناء الشكل، بناء اللغة، بناء الوزن، الهيكل العلوي، بناء الصورة).

وتشمل محاور البحث ما يلي:

المحور الأول: تعريف جمال وأناقة وجاذبية النص الأدبي الكردي وأهميته وضرورة الجمال في النص الأدبي الكردي بشكل عام والشعر بشكل خاص.

المحور الثاني: مظاهر الجمال في الشعر الكردي الحديث (هجرة الكرد)، كنموذج، بناء الشكل، بناء اللغة، بناء الوزن، الهيكل العلوي، بناء الصورة.

وينتهى البحث بعرض مقدمة وأهم النتائج وقائمة بالمصادر وملخص باللغتين الكردية والعربية.

**پەراوێز**

١-شاعیر (شەریف حوسێن پەناهی ناسراوە بە: (شەریف سنەی)یی ، شاعیر و مامۆستای زمانی کوردییە، دیوانی شیعری هەیە، بە ناوی (ملوانکەی شین )، جیا لەبەرهەمی (ملوانکەی شین) فێرکاری رێنووسی کوردی بە ناملکە- سی دی هەیە) .

٢- شیعری( ( کۆچی کوردان)ی شاعیر لە دیوانی (ملوانکەی شین) ، کە ناوی پەرتووکێکە کۆمەڵە شیعرێکی شاعیری لە خۆگرتووە، پێشەکی (ملوانکەی شین) مامۆستا ( هێمن) نوسیوویەتی، ئەم پەرتووکە تەنها بەرهەمی شاعیرە، کە تا ئێستا چاپ بووە، ساڵی(١٩٧٩) شەش کەرەت لە چاپ دراوە، چاپی یەکەمی لە خەرمانانی١٩٧٩و

چاپی دووەمی لە گەڵارێزانی١٩٧٩ و چاپی سێیەمی لە بەفرانباری ١٩٧٩و چاپی چوارەمی لە بەفرانباری ١٩٧٩ و چاپی پێنجەمی لە ڕێبەندانی ١٩٧٩ و چاپی شەشەمی لە ڕێبەندانی ١٩٧٩ لەچاپدراون)،شایەنی ئاماژەپێدانە زۆربەی شیعرەکانی شاعیر لە لایەن گۆرانیبێژەکان کراوەتە گۆرانی، لەوانەش: (کۆچی کوردان)ی لای هونەرمەند (عەدنان کەریم) کراوەتە گۆرانیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە زۆربەی بۆنە جیاوازەکاندا، وەکو رەمزێك دەگوترێتەوە.


## Abstract

modern Kurdish literature, and it is owned by (Sherif Hussein Panahi), as a piece of free poetry in which the owner talks about his feelings and thoughts towards his beloved, but this Time differs from his love for women, and his beloved in this poetic piece is his homeland, whose people emigrate as a result of the invasion of the enemies of the Kurds.


Keywords: (model building, language building, weight building, superstructure, image building).


Research topics include:

The first axis: Determining the beauty, elegance and attractiveness of the Kurdish literary text and its importance and the necessity of beauty in the Kurdish literary text in general and poetry in particular.

The second axis: the manifestations of beauty in modern Kurdish poetry (Koji Kordan), as a model, the construction of form, the construction of language, the construction of weight, the upper structure, the construction of the image.

The research ends with an introduction, the most important results, a list of sources, and a summary in both Kurdish and Arabic.